شەهید بووە،[1] رای دووەم دەڵێت لە جەنگی یەرمووکدا لە پێنجی رەجەبی ساڵی 15ی کۆچی شەهید بووە،[2] رایەکی تر پێی وایە لە جەنگی مەرج صوففەردا شەهید بووە،[3] رای چوارەم پێی وایە ئەبان مایەوە تا لە نووسینەوەی قورئانی پیرۆز لە سەردەمی خەلیفە عوثماندا یارمەتی زەیدی داو دواتر لە ساڵی 29ی کۆچیدا وەفاتی کرد.[4]

بۆچوونی دروست ئەوەیە هەریەك لە ئەبان و خالیدی برای پێکەوە لە سەنگەری جیهادو لە یەك رۆژدا شەهید بون.[5]

پەندو وانە:

❖ نابێت بێهیوا بین لە موسڵمانبوونی کەسەکان با دژایەتیشیان بۆ ئیسلام زۆر بێت، ئەبان بەشداری غەزای بەدر بوو کە مەترسیدارترین هێرش بوو دژ بە ئیسلام، کەچی خوای گەورە رێنموونیشی پیٚ بەخشی، دوو برا موسڵمانەکەشی وازیان نەهێنا براکەیان لەو بێباوەڕیەدا بمێنێتەوە بۆیە لە حەبەشەوە نامەیان نارد بۆ ئەبانی برایان، ئەمە ئەرکی موسڵمان بوونە، بەڵام ئەنجام لای ئێمە نیە، ئەنجام لای خوایە، ئەو دوو برایە سەرەتا هەمان هەوڵیاندا، هەرچەندە خوا ئەوکات رێنموونی نەبەخشی بە براکەیان، ئەمان وازیان نەهێنا لە ئەرکی خۆیان تا ئەگەر

1 - سير أعلام النبلاء، ج1ص261.
2 - الطبقات لابن خياط ج1ص10.
3 - أسد الغابة، ج1ص60.
4 - أسد الغابة، ج1ص60.
5 - سير أعلام النبلاء، ج1ص261.

کونیەکەی ئەبوو عەمرە،[1] رایەکیش دەڵێت بەڵکو ئەبوو حەفص کونیەکەیەتی،[2] دەشوترێ ئەبووئەحمەد کونیەکەی بووە،[3] لە گێڕانەوەیەکیشدا بە ئەبووبەکر هاتووە.[4]

باوکی ناوی حەفصی کوڕی موغیرەی کوڕی عەبدوڵای کوڕی عومەری کوڕی مەخزوومی قورەیشیە،[5] دایکیشی ناوی دوررەی کچی خوزاعی کوڕی حارثی کوڕی حوەیرثی ثەقەفییە.[6]

ژنەکەی ناوی فاطیمەی کچی قەیسی کوڕی خالیدی قورەیشی فەهریە[7] کە خوشکی ضەحاکی کوڕی قەیسە،[8] فاطمە لە دەستەی یەکەمی کۆچەران بوو، ژیری و جوانیەکی زۆری هەبوو.[9]

ئەحمەد لە مەدینە نیشتەجێ،[10] کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) عەلی (رضي الله عنه) وەك ئەمیر نارد بۆ یەمەن، ئەبوعەمریشی(ئەحمەد) لەگەڵیدا نارد، لەوێ ئەبووعەمر مایەوەو هەر لەوێش فاطیمەی کچی قەیسی تەڵاقدا،[11] بەڵام لە گێڕانەوەیەکی موسلیمدا هاتووە

1 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج4، ص1719، أسدالغابة، ج1ص84، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص31.
2 - أسدالغابة، ج1ص84، الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص371،
3 - أسدالغابة، ج2، ص44.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة،ج8، ص69.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج4، ص280.
6 - أسدالغابة، ج1ص84.
7 - أسدالغابة، ج7، ص248.
8 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص69.
9 - أسدالغابة، ج7، ص248، الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص69.
10 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص287.
11 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج4، ص1719.

ئەبووعەمر هەر لە یەمەن مایەوە تا لەوێ مرد،[1] رایەکی تر دەڵێت بەڵکو ماوەیەك دوای ئەوەش ژیا تا بەشداری فەتحی شامی کرد.[2]

گێرانەوەیەك هاتووە کە عومەری کوری خەطاب(رضي الله عنه) رۆژی (جابیە) وتاری دەدا وتی: داوای پۆزشتان لێدەکەم سەبارەت بە خالیدی کوری وەلید، چونکە سامانی داوە بە کەسی بەهێزو خانەدان، بۆیە منیش لامبردو ئەبوو عوبەیدەم دانا، ئەبووعەمر (ئەحمەد)ی کوری حەفص وتی سوێند بەخوا ئەی عومەر بریارەکەت جێی پۆزش نەبوو، تۆ کاربەدەستێکت لابردووە کە پێغەمبەر (ﷺ) دایانابوو، شمشێرێکت خستە کالان کە خوا هەڵیکردبوو، ئالایەکت داگرت کە پێغەمبەر (ﷺ) هەڵیکردبوو، تۆ پەیوەندی خزمایەتیت پچراندو حەسوودیت هەبوو بەرامبەر ئامۆزاکەم، عومەر (رضي الله عنه) لە وەلامدا پێی وت: تۆ خزمایەتی نزکیت لەگەڵی هەیەو تەمەنت زۆر نیەو دەمارگیریشت هەیە بۆ ئامۆزاکەت.[3]

1 - أسدالغابة ج6ص240، الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص287.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص287.

3 - أسدالغابة، ج1ص84.

ئەحمەر ئەبووعەسیب(رضي الله عنه):

ئەم هاوەڵە مەولای پێغەمبەری خوایە (ﷺ)[1] و ناوی ئەحمەرە،[2] بەڵام سەبارەت بە باوکی رای جیاواز هەیە، ئیبن عەبدولبەر بە ئەحمەری کوڕی عەسیب هاتووە،[3] بەڵام لای ئیبن ئەثیرو ئیبن حەجەر بە ئەحمەر ئەبوو عەسیب ناوی دەبەن،[4] ئیبن حەجەر دەڵێت لەوانەیە ئەبوو عەسیب ناوی باوکی بێت،[5] بەڵام ئیبن ئەثیر ئەبووعەسیبی وەك کونیەی ئەحمەر هێناوە.[6]

ئەوەی ئیبن ئەثیرراستە، چونکە لە سەنەدی فەرموودەیەکدا کە ئەحمەر گێڕاویەتیەوە بە ئەبوو عەسیب ناوی هاتووە.[7]

ئیبن کەثیر بە ئەبووعەشیب ناوی دەبات،[8] کچێکی هەبوو ناوی مەیموونە.[9]

ئەبووعەسیب زۆرجار شەوانە لە مزگەوت دەمایەوەو تێکەڵی ئەهلی صوففەی دەکرد.[10]

---

1 - أسدالغابة،ج1ص86، الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص275.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص32، الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1ص71.

3 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1ص71.

4 - أسدالغابة،ج1ص86، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص32.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص32.

6 - أسدالغابة،ج1ص86.

7 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 20328، المعجم الكبير للطبرانى، الرقم 17600، معرفة الصحابة لأبي نعيم، الرقم 966.

8 - البدايةو النهاية، ج5، ص322.

9 - سير أعلام النبلاء، ج2ص475.

10 - حلية الأولياء لأبى نعيم، ج2،ص27.

، [1] فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) سەبارەت بە ڕۆژی ذی قار دەفەرمویت:( الیوم أول یوم انتصفت فیه العرب من العجم وبي نصروا)، [2] (ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژە تیایدا عەرەب تۆڵەی خۆی کردبێتەوە لە عەجەم، لەبەر منیش سەرخران).

ئەخنەسی سولەمی (رضي الله عنه):

ئەخنەسی کوڕی حەبیبی یان دەوترێ کوڕی خەبابی [3] کوڕی جوررەی کوڕی زیعبی کوڕی مالیکی کوڕی خفافی سولەمیە. [4] خۆی و کورەکەی‌و کوڕەزاکەشی هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بون، [5] هەرسێکیشیان بەشداری غەزای بەدریان کردووە، [6] تەنها ئەم کەسە هەیە خۆی و کوڕو نەوەشی پێکەوە هاوەڵ بووبن‌و بەشداربن لە بەدردا. [7]

ناوی کوڕەکەی بریتیە لە یەزید و کوڕەزاکەشی ناوی مەعنی کوڕی یەزیدە. [8]

1 - التأریخ الکبیر للبخاري، ج2ص63.

2 - التأریخ الکبیر للبخاري، الرقم 389 و 41، المعجم الکبیر للطبراني، 1224، أسد الغابة، ج1، ص89، الإصابة في تمییز الصحابة، ج1، ص37.

3 - الإصابة في تمییز الصحابة، ج1، ص38.

4 - أسدالغابة، ج1، ص251.

5 - معجم الصحابة لابن قانع، ج3، ص92، الإصابة في تمییز الصحابة، ج1، ص38.

6 - أسدالغابة، ج1، ص251.

7 - الإصابة في تمییز الصحابة، ج1، ص38.

8 - أسدالغابة، ج1، ص251.

کەسی تریان وەك ئێوە تێدایە؟ وتیان بەڵێ لەپشت خۆمانەوە لەناو هۆزەکانماندا حەفتا کەسمان جێهێشتووە کە هەموویان لە ئێمە باشترن‌و کاروبارەکان بەڕێوە دەبەن، پێغەمبەر (ﷺ) نزای کرد بۆ هەردووکیان‌و بۆ هۆزەکانی هەردووکیان‌و فەرمووی (اللهم بارك فى النخع)، ئینجا ئاڵایەکی دایە دەست ئەرطەئە تا ڕێبەری هۆزەکەی بکات، ئەویش ئاڵاکەی هێشتەوە تا لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا ئەو ئاڵایەی لەگەڵ خۆی هێنا، لە ڕۆژی قادسیەشدا ئەو ئاڵایەی پێ بوو، بەڵام لە قادسیەدا شەهید بوو، ئینجا دورەیدی برای ئاڵاکەی گرتەدەست.[1]

ئەرطەئەی کوڕی کەعب(ﷺ):

ناوی ئەرطەئەیە، دەشوترێ بەڵکو ناوی ئەبوو ئەرطەئەیە،[2] رایەکی تر دەڵێت ناوی حوصەینی کوڕی رەبیعەیە،[3] بەڵام ئەبوو ئەرطەئە کونیەکەیەتی،[4] ، کاتێ موژدەی سەرکەوتنی (ذي الخلصة)ی هێنا، پێغەمبەر (ﷺ) ناوی نا بەشیر.[5]

ئەم هاوەڵەش طائیە،[6] ئیبن عەبدولبەرو ئیبن حەجەر بە ئەحمەسی دادەنێن.[7]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج1، ص346.
2 - أسدالغابة، ج1، ص92.
3 - الإستيعاب في معرفة الأصحب، ج4، ص1595.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص86.
5 - أسدالغابة، ج1، ص92.
6 - أسدالغابة، ج1، ص92.
7 - الإستيعاب في معرفة الأصحب، ج4، ص1595، الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص86.

ئەسعەدی کوڕی زورارەی کوڕی عەدەس(رضي الله عنه):

ناوی ئەسعەدی کوڕی زورارەی کوڕی عەدەسی کوڕی عوبەیدی کوڕی ثەعلەبەی کوڕی غەنەمی کوڕی مالیکە،[1] ئیبن حەجەر پێی وایە ئەم هاوەڵەو ئەوەی پێشوو هەردووکیان یەك بن،[2] بەڵام ئیبن ئەثیر بەجیا باسیان ئەکات، پێی وایە یەکەمیان ناوی ئەسەدەو دووەمیان ناوی ئەسعەدە.[3]

بەڵام ئەم دوانە لەیەك جیان، چونکە ئەوەی پێشوو کوڕێکی هەبووە بە ناوی عەبدوڵا،[4] بەڵام ئەمەیان هیچ کوڕێکی نەبووە، بەڵکو تەنها کچی هەبووە.[5]

ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانەو لە خەزرەجیەکانە، ناسراوە بە (أسعد الخير)، کونیەکەشی ئەبوو ئومامەیە.[6]

ئەسعەد یەکەم کەسی پشتیوانان بوو کە موسڵمان بوو،[7] ئەو و ذەکوان پێکەوە موسڵمان بوون.[8]

---

1 - أسد الغابة، ج1، ص 110، سير إعلام النبلاء، ج1، ص299.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص56.

3 - أسد الغابة، ج1، ص108، 110.

4 - معجم الصحابة لابن قانع، ج1، ص69.

5 - الطبقات، ج3، ص608.

6 - أسد الغابة، ج1، ص 111.

7 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص608.

8 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص302.

ئەسعەد سەرقاڵی کاری بازرگانی بووو دەچوو بۆ شام،[1] هەروەها پێش موسڵمانبوونیشی بڕوای بە بتپەرستی نەبووو هەردەم باسی یەکخواپەرستی دەکرد.[2]

دایکی ناوی سوعاد بوو، دەوترێ بەڵکو دایکی ناوی فریعەی کچی رافعی کوڕی موعاویە بووە.[3]

ناوی ژنەکەی عومەیرەی کچی سەهل بوو کە لەم ژنەی سێ کچی هەبوو، فریعەو کەبشەو حەبیبە، ژنەکەشیو هەر سێ کچەکەشی موسڵمان بوونو بەیعەتیان دابوو بە پێغەمبەر (ﷺ).[4]

براکەی ناوی سەعد بوو،[5] ئیبن عەبدولبەر گومانی هەیە لە موسڵمانبوونی، چونکە زۆربەیان فریای موسڵمان بوون نەکەوتون،[6] خوشکێکیشی هەبوو بە ناوی زغیبە،[7] هەروەها ئەسعەد کوڕی نەبوو،[8] بەڵام ئیبن عەبدولبەر پێی وایە عەبدوڵا کوڕی ئەم ئەسعەدە بووە کە کونیەکەی ئەبوو ئومامەیە.[9]

جارێك ئەسعەد کە لە شامەوە دەگەڕایەوە، لەگەڵ چل کەسی هۆزەکەیدا بوو، خەوێکی دی، لە خەوەکەیدا کەسێ هاتو پێی وت ئەی ئەبوو ئومامە لە مەککە

---

1 - الطبقاتالكبرى لابن سعد، ج1، ص165.
2 - سير أعلام النبلاء للذهبي، ج1، ص190.
3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص608.
4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج8، ص446.
5 - سير أعلام النبلاء، ج4، 507، الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص608.
6 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج2، ص591.
7 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص 512.
8 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص608.
9 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج3، ص868.

دایکیشی ناوی حەبیبەی کچی ئەسعەدی کوڕی زوراره بوو.[1]

ئەسعەد لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) لەدایکبوو، دوو ساڵ پێش وەفاتی پێغەمەر (ﷺ) لەدایکبوو، باوکی بردی بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)و ئەویش دەمی بە خورما شیرین کردو بەناوی ئەسعەدی باپیریەوە ناوی نا.[2]

ئەسعەدی کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه):

ناوی ئەسعەدی کوڕی عەبدوڵای کوڕی مالیکی کوڕی ئەفصای خوزاعیە، فەرموودەیەکی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە دەفەرموێت (أحب الأديان إلى الله الحنيفية السمحة وإذا رأيت أمتي لا يقولون للظالم أنت ظالم فقد تُوُدِّع منهم)،[3] (خۆشەویستترینی ئایینەکان لای خوا حەنەفیەتی پاکو پوختە، ئەگەر بینیت ئوممەتەکەم بە ستەمکاریان نەوت تۆ ستەمکاریت، ئەوە ئیتر ماڵیاواییان لێکراوە –دەستیان لێ بشۆ–)، لەو گێڕانەوەدا کە ئیبن حەجەر هێناویەتی تا ئێرەی هێناوە (أحب الأديان إلى الله الحنيفية السمحة)، بەشەکەی تر ئیبن ئەثیر هێناویەتی، لە سەرچاوەکانی فەرموودەدا ئەو بەشەی دووەمی فەرموودەیە بە جیا لە عەبدوڵای کوڕی عەمرەوە هاتووە.[4]

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص471.
2 - أسد الغابة، ج1، ص112.
3 - أسدالغابة، ج1، ص113.
4 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 6328 – 6592 – 6600، المستدرك على الصحيحين، الرقم 7099، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 10759،

جا ئێمەش گومانمان بۆ ئەوە چوو باسی موحەممەدی (ﷺ) تێدا بێت، بۆیە شاردمانەوە.[1]

ئەسوەد فەرموودەیەکی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاوەتەوەو دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) حوسەینی گرتەباوەش‌و ماچی کردو دواتر روویکردە هاوەڵان‌و فەرمووی:(إن الولد مبخلة مجبنة محزنة)،[2] (منداڵ مرۆڤ پیسکەو ترسنۆک‌و خەفەتبار دەکات).

پەندو وانە:

❖ سەرکەوتنی موسڵمانان تەنها سەرکەوتنێ نیەو بەس، بەڵکو سەرەتایە بۆ سەرکەوتنی دواتر، موسڵمانان بە فەتحکردنی مەککە هەزاران کەسی دژ بە ئیسلامیان کردنە هەوادارو خزمەتکاری دڵسۆزی ئیسلام، ئەو ئەسوەدەی نهێنی باس‌و خواسی پێغەمبەری خوای دەشاردەوە، پاش فەتحی مەککە بوویە پارێزەری فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ).

❖ خۆشەویستی‌و نەرموونیانی زۆری پێغەمبەری خوا (ﷺ)و نواندنی تەواوی خۆشەویستی بۆ حوسەینی کچەزای سەرمەشقێکە تا بزانین چەندە پێویستە خۆشەویستی‌و ناز ببەخشین بە منداڵان.

❖ خستنەرووی راستیەکان پێویستیەکە کە ناکرێ چاوپۆشی لێ بکرێ، فەرمایشتی پێغەمبەر (ﷺ) سەبارەت بە منداڵ‌و کاریگەری لەسەر دایک‌و باوک لەکاتێکدا بوو کە تەواوی خۆشەویستی خۆی نیشاندا بۆ حوسەین‌و ماچی کرد، لە

1 - التاريخ الكبير للبخاري، ج1، ص444، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 72.

2 - المستدرك على الصحيحين، الرقم 5254، صححه الألباني في الجامع الصحيح وزيادته، الرقم 3753.

کۆچیکردووەو هاتوەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)، کاتێ هات پێغەمبەر (ﷺ) پرسیاری لێکرد بۆچی هاتویت؟ وتی هاتوم تا بە هاوەڵی کردنی تۆ لەخوا نزیك ببمەوە، بۆیە لەوە بەدوا بە موقتەریب ناوی دەهات،[3] لای ئیبن حەجەر هاتووە کە پێغەمبەر (ﷺ) ناوی نا موقەریب،[4] بەردەوام هاوەڵێتی پێغەمبەری خوای دەکرد.[5]

دوای پێغەمبەریش (ﷺ) بەردەوام بوو لە خزمەتکردنی ڕێبازی ئیسلامدا، لە سەردەمی عومەری کوڕی خەطابدا خەلیفە لەسەر سەربازگەی بەصرە داینا.[6]

لە سەردەمی خەلیفە عەلی کوڕی ئەبووطالیبیشدا بەشداری جەنگی صفینی کردو لە ریزی سوپای خەلیفە عەلیدا بوو.[7]

ئەسوەدی کوڕی زەید(ﷺ):

ناوی ئەسوەدی کوڕی زەیدەو لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکانە لە بەنی سەلەمە،[8] یەکێك بوو لە بەشداربوانی غەزای بەدر.[9]

1 - أسد الغابة، ج1، ص131.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 76.
3 - أسد الغابة، ج1، ص131.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 76.
5 - أسد الغابة، ج1، ص131.
6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 76.
7 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 76.
8 - أسد الغابة، ج1، ص132.
9 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص90.

پەندو وانە:

❖ حەزو گوڕو تینی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ جیهاد زۆر بووە، ئەمەش بەشێك بووە لە پەروەردەی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ هاوەڵان وەك دەیفەرموو (من مات ولم يغز ولم يحدث به نفسه مات على شعبة من نفاق)،[1] (هەرکەس بمرێو غەزای نەکردبێو دەروونیشی تاسەی بۆی نەبووبێ ئەوا لەسەر لقێکی دووڕوویی مردووە)، بۆیە بوونی پەروەردەی جیهادی بۆ تاکی موسڵمان راستیەکی ناو بەرنامەی پەروەردەیی پێغەمبەری خوایە (ﷺ)و هاوەڵانیش لە مێژوویاندا پەیرەویان کردووە.

❖ شەیدابوونی عومەری کوڕی خەتاب بۆ راستی تا ئاستێ پێغەمبەر (ﷺ) شایەتی لەسەر داوە.

❖ گوێگرتنی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ هەوڵو هەنگاوی هاوەڵان بۆ نزیکبوونەوەیان لە خوای گەورە بە جۆرێك بوو بە وردی گوێی دەگرت، لێرەشدا دەبینین گوێی گرتووە تا بزانێ ئەسوەد چۆن ستایشی پەروەردگاری کردووە، هەم تا بزانێت ستایشەکەی دروستو رەوا بووە یان نا، هەم کارو هەوڵدانەکەی بەرز بنرخێنێ.

---

[1] - صحيح مسلم، الرقم 3624.

ئەسوەدی کوڕی ئەبولبوختەری (رضي الله عنه):

ناوی ئەسوەدی کوڕی ئەبولبەختری عاصی کوڕی هاشمی ئەسەدیە،[1] کونیەکەی ئەبووحازمە،[2] دایکی ناوی عاتیکەی کچی ئومەییەیە،[3] ئەسوەد لە موسڵمانبوانی فەتحی مەککەیە.[4]

ئەبولبەختری باوکی بە بێباوەڕی لە جەنگی بەدردا کوژرا.[5]

ئەسوەد کوڕێکی هەبوو بە ناوی سەعید کە هێندە جوان بوو ئافرەتان شیعریان بەسەردا دەهۆنیەوە،[6] ئەم کوڕەی لە سەردەمی عوثمانی کوڕی عەففاندا دلێرێکی بەرچاوبووو پارێزگاری لە خەلیفە دەکرد، بەڵام خەلیفە خۆی رێی نەدا جەنگ بەرامبەر نەیارانی بکرێت.[7]

ئەسوەد هاوەڵێکی ناسراو بووو لە سەردەمی موعاویەی کوڕی ئەبوو سوفیاندا راوێژی پێ دەکرا، کاتێ بوسری نوێنەری موعاویە چوویە مەدینە، موعاویە وەسیەتی بۆ کردبوو راوێژ بە ئەسوەد بکات، ئەسوەدیش لە وەسیەتەکەیدا بۆ بوسر رێگری کرد لەوەی بوسر نەیارانی دەسەڵاتەکەی موعاویە بکوژێت.[8]

1 - أسد الغابة، ج1، ص 127.
2 - معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 860.
3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص69.
4 - أسد الغابة، ج1، ص 127، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص69.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص69.
6 - أسد الغابة،ج1،ص 127.
7 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص69.
8 - أسد الغابة،ج1، ص 127.

سەبارەت بەمردنی ئەسید بۆچوونی زیاتر لەسەر ئەوەیە کە لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) کۆچی دوایی کردبێت.[1]

ئەسیدی کوڕی عەمر (رضي الله عنه):

ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە،[2] ناوی ئەسیدی کوڕی عەمری کوڕی میحصەنی کوڕی عەمرەو لە بەنی نەجارە، چەند رایەکی تر هەن سەبارەت بە ناوی، لەوانە (بیشر، بەشیر، ثەعلەبە)، بەشداری جەنگی بەدر بوو.[3]

ئەسیدی کوڕی کورز(رضي الله عنه):

ناوی ئەسیدی کوڕی کورزی قەسریە، هەروەها بە ئەسەدیش ناوی هاتووەو ئیبن ئەثیریش پێی وایە راستتر وایە ناوی ئەسەدە،[4] لەژێر ناوی ئەسەدی کوڕی کورزدا باسی ژیانەکەیمان هێناوە.

ئەسیدی کوڕی ئەبوو ئوسەید(رضي الله عنه):

ناوی ئەسیدی کوڕی ئەبوو ئوسەیدە، لە هاوەڵە پشتیوانیەکانە لە خەزرەجیەکانە لە بەنی ساعیدە.[5]

---

1 - أسد الغابة، ج1، ص140.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 84.
3 - أسد الغابة، ج1، ص141.
4 - أسد الغابة، ج1، ص142.
5 - أسد الغابة، ج1، ص 138.

بکەن بە تاکێکی دیاری بێباوەڕانەوە، بەڵام پێیان ئاساییە کەسانێك کەنار بخەن کە پێغەمبەر (ﷺ) لەبەر ئەو جۆرە کەسانە سەرانی بێباوەڕانی کەنار خست.

وەرگرتنی تایبەمەندی لە بوارێکی زانستیدا لە ئیسلامدا شتێکی خوازراو و داواکراوە، دەبینین پێغەمبەر (ﷺ) بۆ هەر بوارێك هاوەڵێکی دیاری کردووە کە تواناکانی لەو بوارەدا دیار بون، بەراستی ئەمەش نموونەی سەرکەوتنی مەیدانی زانستیە لە کۆمەڵگەدا کاتێ هەرکەسەو لە بوارێکدا تایبەتمەندی وەربگرێت.

بەخشندەیی پێغەمبەر (ﷺ) وسۆزی زۆری بۆ هاوەڵانی و گرنگی نەدانی زۆری بە سامان و موڵکی دنیایی لە سەدان نموونەی ژیانی هاوەڵاندا بەدی دەکەین، دەبینین کاتێ عەلی کوڕی ئەبووطالیب زێڕ دەنێرێ بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش لەبری ئەوەی وەری بگرێ بۆ خۆی خێرا دابەشی دەکات بەسەر چوار لە هاوەڵانیدا، ئەگەرچی لە ئەمڕۆشدا بەخشینێکی ڕێژەیی لە بڕێ سەرکردەدا بەدی دەکرێت بەڵام بەخشینەکەیان بە گشتی پاش تەواو تێربوونی خۆیان دێت یان خودی دەستکەوتەکەیان بە ناڕەوا بووە، کەمن کەسانێ توانیبێتیان پێغەمبەری خوا بکەن بە سەرمەشقی خۆیان.

مشتومڕ و قسەکردن لەنێوان موسڵماناندا هەر لە سەرەتاوە بووەو بەردەوام تا ڕۆژی دواییش دەبێت، تەنانەت خوای گەورە روونکردنەوەی داوە کە جەنگیش لەنێوان باوەڕداراندا روودەدات، ئەمە دووربینی روانینی ئیسلامە بۆ واقیعی ژیان، بەڵام گرنگ خاڵی دواترە کە ئیسلام دایناوە ئەویش چارەسەری کێشەکانە لە کەمترین ماوەو بە رەواترین شێوە.

سۆزو میهرەبانی و نیشاندانی ئەو سۆزو میهرەبانیەش لە بازنەی رەوای خۆیدا بابەتێکی داواکراوە لە ئیسلامدا و پێغەمبەریش (ﷺ) بە سەدان نموونە ئەوەی فێرکردوین، ئەوەتا لە وەلامی قسەی ئەقرەعدا کە دەلێت دە مندالم هەیە و تا ئێستا هیچکامم ماچ نەکردون پێغەمبەر (ﷺ) تێی دەگەیەنێت کە ئەوە بێ رەحمیە و کاریگەری هەیە بۆ سەر دنیاو قیامەتی هۆکارە تا لە رەحمی خوا بێبەش بێت، تەنانەت پێغەمبەر (ﷺ) هێندە سۆزی هەبووە بەتایبەت بۆ مندالان کە نوێژی جەماعەتی کورت کردوەتەوە لەبەر ئەوەی بیستوویەتی مندالێك دەگری، نوێژەکەی کورت کردوەتەوە تا خێرا دایکی بچێت بۆ لای و ئەو گریانەی بۆ بکات بە بزەو خەندە، چەندین جار یاری کردووە بۆ حەسەن و حوسەین، خۆشەویستی خۆی بۆ ئەو کچەزایانەی نیشانداوەو لەبەرچاوی هەموانیش رایگەیاندووە.

ئەقرەعی کوڕی شوفەی (ﷺ):

ئەقرەعی کوڕی شوفەی لە رەملە نیشتەجێ بوو و لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەتتابدا کۆچی دوایی کرد.[1]

ئەقرەع دەلێت جارێ نەخۆش ببووم پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆ سەردانم، وتم هەرچی سەیر دەکەم ئەمجارە بەم نەخۆشیەم ئەمرم، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (كلا لتبقين ولتهاجرن إلى أرض الشام وتموت وتدفن بالربوة من أرض فلسطين)، (نەخێر،بە دلنیاییەوە دەمێنیت و کۆچ دەکەیت بۆ خاکی شامو لەوێ دەمریت و لە

1 - أسد الغابة، ج1، ص167.

ئەقعەسی کوڕی سەلەمە (رضي الله عنه):

ئەقعەسی کوڕی سەلەمە یان دەوترێ ئوقەیصری کوڕی سەلەمە[1] یان دەوترێ مەسلەمەی حەنەفی، ئەم هاوەڵەی پێغەمبەر (ﷺ) بە خەڵکی یەمامە ناوی هاتووە، لەگەڵ چەند کەسێکی تردا وەك وەفد هاتووەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).[2]

ئەقمەر (رضي الله عنه):

ئەقمەر ئەبوو عەلی، خەڵکی کووفەیە، دەوترێ ناوی عەمری کوڕی حارثە، کوڕێکی هەبووە بە ناوی عەلی کە فەرموودەی لە باوکیەوە گێڕاوەتەوە،[3] هەروەها کچێکی هەبوو ناوی کلثووم بوو.[4]

ئەکالی کوڕی نوعمان (رضي الله عنه):

ئەکالی کوڕی نوعمانی ئەنصاری مازنی لە پشتیوانانە، لە جەنگی یەمامەدا شەهید بوو،[5] ئیبن عەبدولبەر و ئیبن ئەثیر ناوی ئەم هاوەڵەیان نەهێناوە، بەڵام ئیبن حەجەر ناوی هێناوە.

1 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص105.
2 - أسد الغابة، ج1، ص 169.
3 - أسد الغابة، ج1، ص 169.
4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 106.
5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص 106.

ئەنەسە لە جەنگی بەدردا بەشداری کرد، هەروەها لە غەزای ئوحودیشدا بەشداری کرد، دواتر لە سەردەمی ئەبووبەکری صدیقدا کۆچی دوایی کرد، هەرچەندە رایەك هەیە دەڵێت لە جەنگی بەدردا شەهید بووە، بەڵام رای پێشووتر راستە کە دوای پێغەمبەر (ﷺ) وەفاتی کردووە.[1]

هیچ فەرموودەیەکی پێغەمبەری خوای (ﷺ) لێوە نەگێڕدراوەتەوە.

ئەنەسی کوڕی ئەبوو ئەنەس(رضي الله عنه):

سەبارەت بە ناوی راجیایی هەیە، هەندێ دەڵێن ناوی ئوسەیرە، یان دەوترێت ئوسەید، یان ئەنەس، یان ئونەیس، یان سەبرە، کونیەکەی ئەبوو سولەیطە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانەکانەو لە بەشداربووە بەدریەکاندا ناوی هاتووە، فەرموودەیەکی لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە.[2]

ئەنەسی کوڕی حارث(ﷺ):

ناوی ئەنەسی کوڕی حارثی کوڕی نەبیهە،[3] لە هاوەڵانی دانیشتووی کووفەدا ناوی هاتووە،[4] جۆرێك مشتومڕ هەیە لەسەر ئەوەی ئایا هاوەڵە یان نا، بەڵام ئیبن حەجەریش جەخت دەکاتەوە لە هاوەڵ بوونی[5] و هەریەك لەمانەش وەك هاوەڵ

---

1 - أسد الغابة، ج1، ص200.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص189.

3 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص121.

4 - أسد الغابة، ج1، ص187.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص121.

(ﷺ)، ئەویش صەدەقەیەکی پێ بەخشی و مەرجی دانا ئەو صەدەقەیە نەبەخشرێو خەڵات نەکرێ بۆ هیچ کەس.[1]

ئەنەسی کوڕی قەتادە (رضي الله عنه):

ناوی ئەنەسی کوڕی قەتادەی کوڕی رەبیعەیە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە لە ئەوسیەکان، هەروەها دەشوترێ ناوی ئونەیسە،[2] رایەکیش هەیە دەڵێت ناوی ئیلیاسە،[3] ژنەکەی ناوی خەنسای کچی خوذام بوو،[4] ئەم ژنەشی لە پشتیوانان بوو و هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو.[5]

ئەنەسی کوڕی قەتادە لە جەنگی بەدردابەشداری کرد،[6] هەروەها لە غەزای ئوحوددا بەشداری کردو تیایدا شەهید بوو،[7] ئەوەی ئەم هاوەڵەی شەهید کرد ئەخنەسی کوڕی شریق بوو،[8] ئیبن سەعد دەڵێت ئەبولحەکەمی کوڕی ئەخنەس کوشتوویەتی،[9] دوای ئەوە باوکی خەنسا دوای شەهیدبوونی ئەنەس خەنسای کچی لە پیاوێکی تر مارەکرد، بەڵام خەنسا بەوە رازی نەبوو و چوو بۆ لای پێغەمبەر

1 - أسد الغابة، ج1، ص190-191.

2 - أسد الغابة، ج1، ص191، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص137.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص464.

4 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص137.

5 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج7، ص611.

6 - البدايةو النهاية لابن كثير، ج3، ص315.

7 - تاريخ الإسلام للذهبي، ج2، ص201، معرفة الصحابة لأبي نعيم الأصبهاني، الرقم 795، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص137.

8 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص113.

9 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص464.

پێتان وایە شەفاعەتی پێغەمبەر (ﷺ) ئێوە دەگرێتەوە کەچی ئالوبەیتی خۆی ناگرێتەوە؟).[1]

پەندو وانە:

❖ وردەکاری دروستو بیرکردنەوەی ورد لە راستیەکان وا دەکات مرۆڤ کەمتر تووشی هەڵە بێت، بەڵێ لەوە دڵنیاین هەموو مرۆڤێك هەڵە دەکات وەك پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی (کل بني آدم خطاء و خير الخطائين التوابون)، (هەموو ئادەمیزادێك هەڵە دەکات و چاکترینی هەڵەکاران تەوبەکارانن)، بەڵام هاوکات تا زیاتر وریای سنورەکان بین و وردەکاری بکەین لە زانینی راستیەکاندا کەمتر هەڵە دەکەین، وەك دەبینین ئەنەس بەو وتارە کورتەی بە هەموانی گەیاند کە ئەوان هەڵەن لەو کارەیاندا، ئەویش بە باسکردنی فەرموودەیەکی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر شەفاعەت و دواتر باسکردنی نزیکی عەلی کوڕی ئەبوتالیب لە پێغەمبەری خوا (ﷺ)، دواتر ئەو راستیەی بە نیشانەی پرسیارەوە پێ وتن کە ئایا دەکرێت شەفاعەتی پێغەمبەر (ﷺ) ئێوە بگرێتەوە کەچی نزیکترین کەسی خۆی نەگرێتەوە؟!

❖ راستکردنەوەی هەڵەی دەوروبەرمان فەرزێکە لەسەرمانو بەشێکە لە فەرمان بە چاکەو رێگری لە خراپە، چونکە بێدەنگی هەڵبژاردن لە ئاست هەڵەیەکدا کە بتوانیت راستیەکەی بخەیتەڕوو نیشانەی نەبوونی دڵسۆزیو خەمخۆریە بۆ دەوروبەرەکەت، ئەگەرچی هەموان لەوێدا یەکدەنگ بوون لەسەر هەڵەیەك و پاڵپشتی یەکدییان دەکرد بۆ ئەو کارە، بەڵام بەتەنها بوونی ئەنەس و رای جیاوازی

---

1 - أسد الغابة، ج1، ص 202.

ئەو بەهێزترین پاڵپشت بوو بۆ راستکردنەوەی دیدی ئەو کەسانە، هەروەك ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی (جەماعەت) کە هاتووە بە زۆرینە نیە بەڵکو بە راستیە بۆیە ئەنەس هەرچەندە بە تەنها بوو بەڵام خۆی بە تەنها جەماعەت بوو، ئەوانیش هەرچەندە زۆر بوون نەیانتوانی ببنە جەماعەت چونکە هەڵە بوون، ئەنەس بەو کارەی راستی پێکاو بە تەنها بوو بە جەماعەتو هێڵێکی سووریشی دانا بۆ ئەو لادانەیان.

❖ شەفاعەتی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ موسڵمانان لە رۆژی دواییدا راستیەکی ناو بیروباوەڕی ئیسلامی، ئەوانەش کە نکوولی دەکەن لەو راستیە کەوتوونەتە هەڵەوەو ئەو بڕوایەشیان لە گومان بوونیانە لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) یان پشتبەستنی لەسنور بەدەریانە بە عەقڵ بەرامبەر بە قورئانو فەرموودە، چونکە دەزانین چەندین فەرموودەی صەحیحی پێغەمبەر (ﷺ) هەن سەبارەت بە شەفاعەتی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ موسڵمانان لە رۆژی دواییدا.

ئەنەسی کوڕی قەیس(رضي الله عنه):

ناوی ئەنەسی کوڕی قەیسی عوقەیلیە، لەگەڵ وەفدی عوقەیلیەکاندا هاتوەتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و موسڵمان بووەو بەیعەتی پێداوە،[1] ئەنەس هاودەم بە میطرەفو چەند کەسێکی تر هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ)و بەیعەتی موسڵمان بوونی ئە کەسانەی تری هۆزەکەشیان پێ بوو کە نەهاتبوون، پێغەمبەریش (ﷺ) مافی خاوەنێتی زەوی عەقیقی پێ دان کە کانی و دارخورمای تێدا بوو، ئەو مافەشی بە نامەیەك بۆ نووسین، تیایدا هاتووە تا کاتێ نوێژ بکەن و زەکات بدەن و گوێڕایەڵ بن.[2]

1 -الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص126.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج6، ص128.

ئیبن عەبدولبەر دەڵێت وا گومان دەبەم ئەمروئولقەیس خالۆی ئەبووسەلەمەی کوڕی عەبدورەحمان بووبێ، چونکە دایکی ئەبوو سەلەمە ناوی تەماضوری کچی ئەصبەغ بووە.[1]

ئوبەی کوڕی ثابت (رضي الله عنه):

ئەم هاوەڵەی پێغەمبەر (ﷺ) لە پشتیوانانەو سەر بە خەزرەجیەکانە، ناوی ئوبەی کوڕی ثابتی کوڕی مونذیری کوڕی حەرامی کوڕی عەمرە.[2]

ئوبەی برای دوو هاوەڵی تر بوو کە حەسسان و ئەوس بوون،[3] حەسسانیان شاعیری پێغەمبەر (ﷺ) بوو و پێغەمبەر (ﷺ) سیرینی خوشکی ماریەی پێ بەخشی،[4] ئەوسیش لە جەنگی ئوحوددا شەهید بوو.[5]

ئوبەی بە ئەبووشەیخ ناسرابوو، بەڵام رایەکی تر هەیە دەڵێت ئەو نازناوە هی کوڕەکەیەتی.[6]

راجیایی هەیە لەسەر ئوبەی، ئیبن ئیسحاق پێی وایە ئوبەی لە سەردەمی جاهیلیدا مردووە،[7] ئیبن مندەش پێی وایە ئەوس بووە بەشداری بەدری کردووەو

---

1 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص106.

2 - أسد الغابة، ج1ص75.

3 - أسد الغابة، ج1ص75.

4 - أسد الغابة ج1ص62.

5 - أسد الغابة، ج1ص75.

6 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1ص25.

7 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1ص25.

ئوبەی لە بەیعەی عەقەبەی دووەمدا بەشدار بوو و لەوێ گەیشت بە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ).[1]

ئوبەی ریشی سپی بوو و دەستکاری ئەو سپیبوونەی ریشیشی نەئەکرد.[2]

عومەری کوڕی خەطاب لە ڕۆژی مردنی ئوبەیدا بە سەیدولموسلیمین واتە گەورەی موسڵمانان ناوی دەبرد.[3]

ئوبەی لە جەنگی بەدردا بەشداری کرد.[4]

یەکەم نووسەرەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بوو لە مەدینە، یەکەم کەسیش بوو لە کۆتایی نوسینەکەدا دەینووسی (وکتبە ...)واتە ناوی خۆی دەنووسی.[5]

لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) شەش کەس لە پشتیوانان نووسەرەوەی سروش بوون،[6] چواریان لە خەزرەجیەکان بوون، یەکێك لەوانە ئوبەی کوڕی کەعب بوو.[7]

هەروەها ئوبەی یەکێك بوو لەو کەسانەی لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) فەتوایان دەدا.[8]

---

[1] - الإستیعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص66، أسد الغابة، ج1ص78.
[2] - أسد الغابة، ج1ص80، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1ص27.
[3] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1ص27.
[4] - الإستیعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص66، أسد الغابة، ج1ص78.
[5] - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1ص27، الإستیعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص68.
[6] - أسد الغابة، ج1ص332.
[7] - أسدالغابة، ج2، ص85.
[8] - أسد الغابة، ج5، ص205، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1ص27.

هه‌روه‌ها دایکمان عائیشه ده‌فه‌رموێت گوێم له‌ پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) بوو فه‌رمووی (من أحب الله ورسوله فليحب أسامة بن زيد)[1] (هه‌رکه‌س خواو پێغه‌مبه‌ری خوای خۆشده‌وێ با ئوسامه‌ی کوڕی زه‌یدی خۆش بوێت)، له‌ ده‌قێکی تردا ئه‌فه‌رموێت ( من احبني فليحب أسامة)،[2] واته‌ (کێ منی خۆشده‌وێ با ئوسامه‌شی خۆش بوێت).

پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) ئوسامه‌و حه‌سه‌نی کچه‌زای خۆی ده‌گرته‌ کۆشو یه‌کێکیانی له‌سه‌ر رانێکیو ئه‌وی تری له‌سه‌ر رانه‌که‌ی تری داده‌ناو ده‌یفه‌رموو (اللهم إني أحبهما فأحبهما)[3] (خوایه‌ من ئه‌م دوانه‌م خۆش ئه‌وێن ده‌ی تۆیش خۆشت بوێن)، له‌ ریوایه‌تێکی تردا هاتووه‌ ده‌یفه‌رمو (خوایه‌ ره‌حمیان پێ بکه‌ چونکه‌ من ره‌حمم هه‌یه‌ بۆیان)، (اللهم ارحمهما فإني أرحمهما).[4]

پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) زۆر نازی ئوسامه‌ی راده‌گرتو گرنگی پێده‌دا، دایکمان عائیشه‌ له‌و باره‌وه‌ ده‌گێڕێته‌وه‌ جارێکیان ئوسامه‌ی کوڕی زه‌ید له‌به‌رده‌رگا بوو، سه‌ری به‌ر لاته‌نیشتی ده‌رگاکه‌ که‌وتو سه‌ری بریندار بوو، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) به‌ منی فه‌رموو بۆی بسڕه‌، به‌ڵام من بێزم لێکرده‌وه‌و نه‌متوانی بۆی پاکراگرم، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) خۆی بۆی سڕی و پاکی کرده‌وه‌و فه‌رمووی (لو كان أسامة جارية لكسوته

---

1 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 24683، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 31686، فضائل الصحابة لأحمد بن حنبل، الرقم 1480، ضعفه الألباني في الجامع الصغير و زيادته، الرقم 12579.

2 - صحيح مسلم، الرقم 5368، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 4229، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 19594.

3 - صحيح البخاري، الرقم 3570 و 5680، مصنف ابن أبي شيبة، الرقم 31567، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 6944 و 6956 و 6957.

4 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 21317، صححه الألباني في مشكاة المصابيح، الرقم 6140.

ئەگەریش حەزی لێ نەکردایە جێی دەهێشت)،[1] لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە (ئەگەر حەزی پێ نەکردایە بێدەنگ دەبوو).[2]

ئەوسی کوڕی خەولی(رضي الله عنه)

ناوی ئەوسی کوڕی خەولی کوڕی عەبدوڵای کوڕی حارثە، ئەم هاوەڵە لە پشتیوانانە لە خەزرەجیەکان،[3] دایکی ناوی جەمیلەی کچی ئوبەی کوڕی مالیك بوو، عەبدوڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوول خاڵۆی بوو.[4]

ئەوس خوشکێکی هەبوو بە ناوی خەولە کە ئەویش هاوەڵ بوو.[5]

کچێکی هەبوو بە ناوی فەسحوم[6] کە هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بوو و بەیعەتی پێ دابوو،[7] بەڵام ئەو کچەشی بێ بوونی هیچ منداڵێك مرد، واتە ئەوس هیچ نەوەیەکی لە دوای خۆی جێنەهێشت،[8] ئەوس ناسراوە بە ئەبوو لەیلا.[9]

1 - صحيح البخاري، الرقم 1984، صحيح مسلم، الرقم 3937، صحيح ابن جبان، الرقم 6530، سنن أبي داود، الرقم 3289، سنن ابن ماجة، الرقم 3256، سنن الترمذي، الرقم 2004، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم13669، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 10026، مسند أبي يعلى الموصلي، الرقم 6083.

2 - مسند أحمد بن حنبل، الرقم 9303.

3 - أسد الغابة، ج1، ص217.

4 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص542.

5 - الطبقات الكبري لابن سعد، ج8، ص384.

6 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص117.

7 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج8، ص75.

8 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص542.

9 - البدايةو النهاية لابن كثير، ج5، ص267، أسد الغابة، ج1، ص217.

ئیتر ئەویش لەوێ مایەوەو کۆچی نەکرد بۆ هیچ شوێنێك و دوای خۆیشی کوڕ و کوڕەزاکانی ئەو بانگدانەیان بۆ مایەوە.[1]

ئەبوو مەحذووره یەکێك بووە لە هەرە دەنگ خۆشەکانی ناو مەککە.[2]

ئیبن سەعد گێڕانەوەیەکی هێناوە کە سەرەی بانگدانەکە روون دەکاتەوە، دەڵێت کاتێك بیلال ئامادە بوایە بانگی دەفەرموو، ئەگەر بیلال ئامادە نەبوایە ئەوە ئەبوو مەحذوره بانگی دەدا.[3]

ئەبوومەحذووره دەڵێت لەگەڵ چەند کەسێك لەرێدا بووین کە بیستمان بانگ بێژەکەی پێغەمبەر (ﷺ) بانگ دەدات، ئێمەش لەگەڵیدا بە دەنگی بەرز دەمانوتەوە تا پێغەمبەر (ﷺ) بیبیستێت، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) بانگی کردین و ئێمەش لەبەردەمیدا وەستاین، فەرمووی دەنگی کامتان بوو بیستم بەرزبوویەوە؟ هەموویان ئاماژەیان دا بە من، پێغەمبەر (ﷺ) منی هێشتەوەو رێی دا ئەوان بچن، پاشان فەرمووی هەستە بانگ بدە بۆ نوێژ، منیش هیچ شتێك هێندەی ئەو فەرمانە لام سەخت نەبوو، لەبەردەم پێغەمبەری خوادا (ﷺ) وەستام و پێغەمبەری خوا (ﷺ) خۆی بانگدانی فێر کردم.[4]

لە سەردەمی خیلافەتی ئەمیری باوەڕداران عومەری کوڕی خەتتابدا جارێك عومەری کوڕی خەتتاب هاتو ئەبوو مەحذوره بانگی دەفەرموو، عومەر سەلامی کرد

---

1 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج5، ص450.

2 - شذرات الذهب لابن العماد الحنبلي، ج1، ص65.

3 - الطبقات الكبرى لابن سعد، ج3، ص234.

4 - حلية الأولياء لأبي نعيم الأصبهاني، ج5، ص148.

دانان بۆ خوا داناوە لە تاوانکاریدا، چونکە هاوەڵ دانان بۆ خوا درۆیە لە ئاست خوادا کە دروست نیە، شایەتی دانی درۆیش درۆیە لە ئاست بەندەدا کە ئەمیش دروست نیە، لە واقیعدا هەردووکیشیان ناواقیعن.[1]

ئەیمەنی کوڕی ئوم ئەیمەن (رضي الله عنه)

ناوی ئەیمەنی کوڕی عوبەیدی کوڕی زەیدی کوڕی عەمرە، دایکی ناوی ئوم ئەیمەنە، ئوم ئەیمەنی دایکی لە سەردەمی نەفامیدا لە مەککە لەگەڵ عوبەید هاوسەرگیری کرد، عوبەیدە ماوەیەکی کەم هاتە مەککەو لەوێ مایەوە، دواتر ئوم ئەیمەنی برد بۆ مەدینەو لەوێ لە مەدینە ئەیمەن لەدایك بوو، دواتر عوبەید مرد، ئینجا ئوم ئەیمەن گەڕایەوە بۆ مەککەو لەوێ شووی کرد بە زەیدی کوڕی حارثە.[2]

ئوممو ئەیمەنی دایەنی پێغەمبەر (ﷺ) بوو،[3] ئەیمەن لە دایکەوە برای ئوسامەی کوڕی زەید بوو، واتە ئوم ئەیمەن دایکی ئوسامەو ئەیمەنیش بوو.[4]

کە پێغەمبەر (ﷺ) دەچوو بۆ دەستنوێژ گرتن و دەست بە ئاو گەیاندن ئەیمەن لەگەڵیدا بوو و پێویستیەکانی بۆ بەجێدەگەیاند.[5]

ئەیمەن کوڕێکی هەبوو بە ناوی حەججاج.[6]

1 - تحفة الأحوذي بشرح جامع الترمذي للمباركفوري، دار الكتب العلمية، بيروت، ج6، ص481.
2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص170.
3 - أسد الغابة، ج1، ص242.
4 - الإستيعاب في معرفة الأصحاب، ج1، ص128، الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص170.
5 - أسد الغابة، ج1، ص242.
6 - البداية و النهاية لابن كثير، ج5، ص314، الإصابة في تمييز الصحابة، ج2، ص152.

هەستاو وتی سوێند بەخوا درۆ دەکەیت نایکوژیتو ئەوەشت پیٚ ناکرێت، ئوسەیدی کوڕی حوضەیریش هەستاو وتی بەخوا تۆ درۆ دەکەیت، ئێمە دەیکوژین، تۆ دووروویت و سەبارەت بە دووروان مشتومڕ دەکەیت، هەردوو دەستەی ئەوس و خەزرەج هەستانو خەریك بوو بکەونە وێزەی یەك، پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر مینبەر دابەزیو هێوری کردنەوە..).[1]

جارێك دایکی باوەڕداران عائیشە گەردن بەندێکی لە ئەسماء بە ئیستیعارە وەرگرت، کەچی گەردن بەندەکەی لیٚ ون بوو، ئەوەبوو پێغەمبەر (ﷺ) چەند هاوەڵێکی خۆی نارد تا بیدۆزنەوە، ئوسەیدیش یەکیٚ بوو لەو هاوەڵانە، لەو کاتەدا کاتی نوێژ بوو، ئاویان پیٚ نەبوو، بۆیە بیٚ دەستنوێژگرتن نوێژیان کرد، کاتیٚ گەڕانەوە باسەکەیان گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، ئەوەبوو ئایەتی تەیەمموم دابەزی، ئوسەید بە دایکی باوەڕداران عائیشەی وت: خوا پاداشتی خێرت بداتەوە، سوێند بەخوا تووشی هەر حاڵیٚ دەبیت خوای گەورە دەروو لە تۆ دەکاتەوەو دەشیکاتە بەرەکەتیٚ بۆ موسڵمانان.[2]

لە غەزای طائیفدا کاتیٚ یەکێك لە کۆیلەکان بە ناوی ئیبراهیمی کوڕی جابر موسڵمان بوو، پێغەمبەر (ﷺ) سپاردیە دەست ئوسەیدو ئوسەیدی راسپارد تا

1 - صحيح البخاري، الرقم 2539 و 3925 و 4480 و 6956، صحيح مسلم، الرقم 5080، صحيح ابن جبان، الرقم 7208، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 8656 و 10914، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 25051، مسند أبي يعلى الموصلى، الرقم 4800، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 19044.

2 - صحيح البخاري، الرقم 333 و 3585 و 4340، صحيح مسلم، الرقم 577، صحيح ابن خزيمة، الرقم 262، صحيح ابن جبان، الرقم 1333، موطأ مالك، الرقم119، سنن أبي داود، الرقم 274، مسند أحمد بن حنبل، الرقم 25765، سنن الدارمي، الرقم 779، سنن ابن ماجة، الرقم 565، السنن الكبرى للنسائي، الرقم 303، السنن الكبرى للبيهقي، الرقم 930، مسند الشافعي، الرقم 719، المعجم الكبير للطبراني، الرقم 19034.

ئوسەیر (رضي الله عنه):

ناوی ئوسەیری کوڕی عەمری کیندیە،[1] فەرموودەیەکی لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە کە دەفەرموێت (لا يأتيك من الحياء إلا خير)،[2] (شەرمو حەیا تەنها خێرت دێنێتەڕێ).

کاتێ یەزیدی کوڕی موعاویە دەسەلاتی گرتەدەست، برێ لە موسلمانان چوون بۆ لای ئوسەیر، ئوسەیر پێی وتن: خەلکی دەلێت یەزید چاکترینو زاناترینو خانەدان ترین کەسی ئوممەتی موحەممەد(ﷺ) نیە، منیش هەر وا دەلێم، بەلام سوێند بەخوا ئەگەر ئوممەتی پێغەمبەر (ﷺ) یەکدەنگ بن زۆر لام خۆشترە لەوەی دووبەرەکی لەنێویاندا رووبدات، ئەگەر دەرگایەك ئوممەتی موحەممەد(ﷺ) پیایدا بچنەژوورەوە رێ هەبێت پیایدا بچنە ژوورەوە ئایا رێی نابێت بۆ چوونەژوورەوەی یەك کەس بە تەنها؟ وتمان، نا، وتی ئەی ئەگەر هەموو ئوممەتی موحەممەد(ﷺ) یەك یەك بلێن من خوێنی براکەم نارژمو سامانی نابەم، ئایا بۆیان گونجاو نیە؟ وتیان بەلێ، وتی دەی منیش ئەوەتان پێ دەلێم، پاشان وتی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (لا يأتيك من الحياء إلا خير)، (شەرمو حەیا تەنها خێرت دێنێتەڕێ)، یەکێك لە ئامادەبوان وتی لە چیرۆکو بەسەرهاتی لوقماندا هاتووە شەرمو حەیا هەندێکی لاوازیو هەندێکی چاکەو نەرمونیانیە، ئوسەیر تووڕە بووو راپەڕی و بە تووڕەییەوە وتی: لە مالەکەم بچنە دەرەوە، لە مالەکەم بچنەدەرەوە، بۆچی هاتون بۆ لام؟ حەمید کە ئامادەبووی ئەو

1 - معجم الصحابة لابن قانع، ج1، ص 54.

2 - الإصابة في تمييز الصحابة، ج1، ص85.

| | |
|---|---|
| ئەحمەری مەولای پێغەمبەر (ﷺ) | 40 |
| ئەحمەری (رضي الله عنه): | 43 |
| ئەحوەصی کوڕی مەسعوود(رضي الله عنه): | 45 |
| ئەخرەم (رضي الله عنه): | 45 |
| ئەخرەمی هوجەیمی(رضي الله عنه): | 48 |
| ئەخنەسی سولەمی (رضي الله عنه): | 49 |
| ئەدرەع ئەبووجەعد(رضي الله عنه): | 50 |
| ئیدریس(رضي الله عنه): | 50 |
| ئەدرەعی ئەسلەمی (رضي الله عنه): | 52 |
| ئەدهەمی کوڕی حەظرەی راشیدی(رضي الله عنه): | 53 |
| ئەدیەمی تەغلەبی(رضي الله عنه): | 53 |
| ئەربەدی خزمەتکاری پێغەمبەر (ﷺ): | 54 |
| ئەربەدی کوڕی حومەییر (رضي الله عنه): | 54 |

| | |
|---|---|
| ئەسەدی کوڕی یەعمور (رضي الله عنه): | 70 |
| ئەسەدی کوڕی ئوسەید(رضي الله عنه): | 70 |
| ئەسعەدی کوڕی حارثە(رضي الله عنه): | 71 |
| ئەسعەدی کوڕی زورارە (رضي الله عنه): | 72 |
| ئەسعەدی کوڕی زورارەی کوڕی عەدەس(رضي الله عنه): | 73 |
| ئەسعەدی کوڕی سەلامە (رضي الله عنه): | 84 |
| ئەسعەدی کوڕی سەهل(رضي الله عنه): | 84 |
| ئەسعەدی کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه): | 85 |
| ئەسعەدی کوڕی عەطیە(رضي الله عنه): | 86 |
| ئەسعەدی کوڕی یەربووعی ئەنصاری (رضي الله عنه): | 87 |
| ئەسعەدی کوڕی یەزید(رضي الله عنه): | 87 |
| ئەسفەعی بەکری (رضي الله عنه): | 88 |
| ئەسقەع(رضي الله عنه): | 88 |

| | |
|---|---|
| ئەصیەدی کیلابی(رضي الله عنه): | 152 |
| ئەضبە طی سەلەمی (رضي الله عنه): | 154 |
| ئەضبە طی کوڕی حویەی(رضي الله عنه): | 155 |
| ئەعرەج(رضي الله عنه): | 155 |
| ئەعرەسی کوڕی عەمر (رضي الله عنه): | 155 |
| ئەعشای مازنی (رضي الله عنه): | 156 |
| ئەعوەری کوڕی بەشامە (رضي الله عنه): | 158 |
| ئەغەری (رضي الله عنه): | 160 |
| ئەغەری موزەنی (رضي الله عنه): | 161 |
| ئەفطەس(رضي الله عنه): | 164 |
| ئەفلەح(رضي الله عنه): | 165 |
| ئەفلەح(رضي الله عنه): | 166 |
| ئەفلەحی مەولای ئوموسەلەمە (رضي الله عنه): | 170 |

| | |
|---|---|
| ئەنەسی کوڕی مالیك(رضي الله عنه): | 202 |
| ئەنەسی کوڕی مالیکی قوشەیری(رضي الله عنه): | 223 |
| ئەنەسی کوڕی مەخاشن (رضي الله عنه): | 225 |
| ئەنەسی کوڕی مەرثەد(رضي الله عنه): | 225 |
| ئەنەسی کوڕی مودریك(رضي الله عنه): | 227 |
| ئەنەسی کوڕی موعاذ(رضي الله عنه): | 227 |
| ئەنەسی کوڕی نەضر (رضي الله عنه): | 228 |
| ئەنەسی کوڕی ئەرقەم (رضي الله عنه): | 230 |
| ئەنەسی کوڕی ئەوس(رضي الله عنه): | 230 |
| ئەنەسی کوڕی ئەوسی ئەنصاری(رضي الله عنه): | 231 |
| ئەنەسی کوڕی ئومموئەنەس(رضي الله عنه): | 231 |
| ئەنەسی مەولای پێغەمبەر (ﷺ): | 232 |
| ئەنەسی هجەنی (رضي الله عنه): | 232 |

| | |
|---|---|
| 232 | ئەنجەشە (رضي الله عنه): |
| 233 | ئەهوەدی کوڕی عیاض(رضي الله عنه): |
| 234 | ئمروئولقەیسی کوڕی عابس(رضي الله عنه): |
| 239 | ئمروئولقەیسی کوڕی ئەصبەغی کەلبی(رضي الله عنه): |
| 240 | ئوبەی کوڕی ثابت (رضي الله عنه): |
| 241 | ئوبەی کوڕی شەریق(ئەخنەس)(رضي الله عنه): |
| 244 | ئوبەی کوڕی عەجلان (رضي الله عنه): |
| 245 | ئوبەی کوڕی عیمارە یان عومارە (رضي الله عنه): |
| 246 | ئوبەی کوڕی کەعبی کوڕی عەبدثەور (رضي الله عنه): |
| 246 | ئوبەی کوڕی کەعبی کوڕی قەیس(رضي الله عنه): |
| 252 | ئوبەی کوڕی مالیك(رضي الله عنه): |
| 253 | ئوبەی کوڕی موعاذ(رضي الله عنه): |
| 254 | ئوبەی کوڕی ئومەییە (رضي الله عنه): |

| | |
|---|---|
| ئەوسی کوڕی سەعید(رضي الله عنه) | 298 |
| ئەوسی کوڕی سەلامە (رضي الله عنه) | 298 |
| ئەوسی کوڕی سەمعان (رضي الله عنه) | 299 |
| ئەوسی کوڕی سوەید(رضي الله عنه) | 300 |
| ئەوسی کوڕی شورەحبیل(رضي الله عنه) | 300 |
| ئەوسی کوڕی صامت (رضي الله عنه) | 301 |
| ئەوسی کوڕی عابید(رضي الله عنه) | 307 |
| ئەوسی کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه) | 307 |
| ئەوسی کوڕی عەتیك(رضي الله عنه) | 310 |
| ئەوسی کوڕی عەرابە (رضي الله عنه) | 310 |
| ئەوسی کوڕی عەمر (رضي الله عنه) | 311 |
| ئەوسی کوڕی عەمر (رضي الله عنه) | 311 |
| ئەوسی کوڕی عەوف(رضي الله عنه) | 311 |

| | |
|---|---|
| ئەوسی کیلابی(رضي الله عنه) | 325 |
| ئەوسی مەرئی(رضي الله عنه) | 325 |
| ئەوسی ئەنصاری (رضي الله عنه) | 325 |
| ئەوفای کوڕی عورفوطە(رضي الله عنه) | 326 |
| ئەوفای کوڕی مەولە (رضي الله عنه) | 326 |
| ئەیسەر (رضي الله عنه) | 327 |
| ئەیمەنی کوڕی خورەیم (رضي الله عنه) | 329 |
| ئەیمەنی کوڕی ئوم ئەیمەن (رضي الله عنه) | 331 |
| ئەییوبی کوڕی موکرز(رضي الله عنه) | 332 |
| ئوسەیدی کوڕی ثەعلەبە (رضي الله عنه): | 332 |
| ئوسەیدی کوڕی حوضەیر (رضي الله عنه): | 333 |
| ئوسەیدی کوڕی یەعمور (رضي الله عنه): | 350 |
| ئوسەیدی جەعفی(رضي الله عنه): | 350 |

| | |
|---|---|
| ئوسەیدی کوڕی ساعیدە (رضي الله عنه): | 351 |
| ئوسەیدی کوڕی ظهیر (رضي الله عنه): | 352 |
| ئوسەیدی کوڕی کەعب(رضي الله عنه): | 353 |
| ئوسەیدی کوڕی یەربووع(رضي الله عنه): | 353 |
| ئوسەیر (رضي الله عنه): | 354 |
| ئوسەیر (رضي الله عنه): | 355 |
| ئوسەیری کوڕی عەمر (رضي الله عنه): | 356 |
| ئوسەیری کوڕی عەمری کوڕی سەیار (رضي الله عنه): | 357 |
| ئوسەیری کوڕی عوروە (رضي الله عنه): | 357 |
| ئوشەیم (رضي الله عنه): | 362 |
| ئوشەیم (رضي الله عنه): | 363 |
| ئوصەیلی کوڕی صەفوان (رضي الله عنه): | 363 |
| ئوکەیمە (رضي الله عنه) | 365 |

| | |
|---|---|
| ئونەیفی کوڕی واثله(رضي الله عنه): | 377 |
| ئوهبانی کوڕی صەیفی(رضي الله عنه): | 378 |
| ئوهبانی کوڕی ئەکوەع(رضي الله عنه): | 379 |
| ئوهبانی کوڕی ئەوس(رضي الله عنه): | 381 |
| ئیادی مەولای پێغەمبەر (ﷺ) | 381 |
| ئیاسی کوڕی بوکەیر (رضي الله عنه) | 383 |
| ئیاسی کوڕی ثەعلەبە (رضي الله عنه) | 386 |
| ئیاسی کوڕی عەبەس(رضي الله عنه) | 387 |
| ئیاسی کوڕی عەبد(رضي الله عنه) | 387 |
| ئیاسی کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه) | 389 |
| ئیاسی کوڕی عەبدولئەسەد (رضي الله عنه) | 390 |
| ئیاسی کوڕی عەدی(رضي الله عنه) | 390 |
| ئیاسی کوڕی موعاذ (رضي الله عنه) | 390 |

| | |
|---|---|
| ئیاسی کوڕی هیلال(رضي الله عنه) | 393 |
| ئیاسی کوڕی وەدقە (رضي الله عنه) | 394 |
| ئیاسی کوڕی ئەوس(رضي الله عنه) | 395 |
| ئیبراهیمی نەجار (رضي الله عنه): | 395 |
| ئیبراهیمی کوڕی جابر (رضي الله عنه): | 397 |
| ئیبراهیمی کوڕی حارث(رضي الله عنه): | 398 |
| ئیبراهیمی کوڕی عەبباد(رضي الله عنه): | 399 |
| ئیبراهیمی کوڕی عەبدورەحمانی عوذری(رضي الله عنه): | 400 |
| ئیبراهیمی کوڕی عەبدولا (رضي الله عنه): | 400 |
| ئیبراهیمی کوڕی قەیس(رضي الله عنه): | 401 |
| ئیبن ئەبجەر (رضي الله عنه): | 401 |
| ئیدریس(رضي الله عنه): | 402 |
| ئیسحاقی غەنەوی (رضي الله عنه): | 404 |

| | |
|---|---|
| ئەسمائی کچی سەلامە (رضي الله عنها) | 410 |
| ئەسمائی کچی شەکەل(رضي الله عنها) | 410 |
| ئەسمائی کچی عەبدولاَّ (کچی ئەبووبەکری صدیق) (رضي الله عنها) | 411 |
| ئەسمائی کچی عومەر (رضي الله عنها) | 419 |
| ئەسمائی کچی عومەیس(رضي الله عنها) | 419 |
| ئەسمائی کچی قرط(رضي الله عنها) | 423 |
| ئەسمائی کچی نوعمان (رضي الله عنها) | 423 |
| ئەسمائی کچی یەزید(رضي الله عنها) | 423 |
| ئومامەی کچی بیشر (رضي الله عنها) | 424 |
| ئومامەی کچی حەمزە (رضي الله عنها) | 424 |
| ئومامەی کچی خودەیج(رضي الله عنها) | 426 |
| ئومامەی کچی سیماك(رضي الله عنها) | 426 |
| ئومامەی کچی صامیت (رضي الله عنها) | 426 |

| | |
|---|---|
| ئومامەی کچی ئەبیلعاص(رضي الله عنها) | 426 |
| ئومامەی کچی عیصام (رضي الله عنها) | 427 |
| ئومامەی کچی قرط(رضي الله عنها) | 428 |
| ئومامەی کچی موحەررەث(رضي الله عنها) | 428 |
| ئەمەی کچی خالید(رضي الله عنها) | 428 |
| ئومەیمەی کچی بیشر (رضي الله عنها) | 428 |
| ئومەیمەی کچی بەشیر (رضي الله عنها) | 429 |
| ئومەیمەی کچی عەبدولا (رضي الله عنها) | 429 |
| ئومەیمەی کچی سوفیان (رضي الله عنها) | 429 |
| ئومەیمەی دایکی ئەبووهورەیرە (رضي الله عنها) | 429 |
| ئومەیمەی کچی عوقبە (رضي الله عنها) | 431 |
| ئومەیمەی کچی عەمر (رضي الله عنها) | 431 |
| ئومەیمەی کچی قەیس(رضي الله عنها) | 431 |

| | |
|---|---|
| ئومەیمەی کچی قەیسی ئەسەدی (رضي الله عنها) | 432 |
| ئومەیمەی کچی ئەبولهەیثەم (رضي الله عنها) | 432 |
| ئومەیمەی خزمەتکار (رضي الله عنها) | 432 |
| ئومەینە (رضي الله عنها) | 433 |
| ئونەیسەی کچی خوبەیب(رضي الله عنها) | 433 |
| ئونەیسەی کچی ثەعلەبە (رضي الله عنها) | 434 |
| ئونەیسەی کچی ئەبی حەبیبە (رضي الله عنها) | 434 |
| ئونەیسەی کچی رافیع(رضي الله عنها) | 434 |
| ئونەیسەی کچی روهم (رضي الله عنها) | 434 |
| ئونەیسەی کچی ساعیدە (رضي الله عنها) | 435 |
| ئونەیسەی ئەنصاری(رضي الله عنها) | 435 |
| ئونەیسەی کچی عەبدولا (رضي الله عنها) | 435 |
| ئونەیسەی کچی عەددی(رضي الله عنها) | 435 |

